# بگەڕێوە بەرەو ئاسمان!

باران

کارزان جەلال





بگەڕێوە بەرەو ئاسمان
تۆ ناتوانی لەگەڵ زەوییدا بگونجێی
تۆ ناتوانی ببیتە هاوەڵی بەفرو دەریا
ژیانی سەر زەوی بەتۆ ناشێت.

* * *

بگەڕێوە بەرەو ئاسمان
تۆ زیاتر لە زمانی هەورو، ئەستێرەو،
مانگ تێدەگەیت
تکایە بڕۆرەوە بەرەو ئاسمان

* * *

بگەڕێوە بەرەو ئاسمان
مرۆڤەکان بە تۆ نامۆن
تۆش، بە مرۆڤەکان نامۆیت و
بەرگەی ئەم هەموو توندو تیژییەی
سەر زەوی ناگریت.

* * *



شیعر

ئەم زبڵدان و بۆگەناوە جێی تۆ نییە
ئێرە نەخۆشخانەو، نیگەرانیی و، دۆشدامانە
ئێرە پڕە لە ئازار، لە بیرچوونەوە
ئێرە شوێنی تۆ نییە، بەڵکو تۆ دەبێت
لەسەر باڵی هەورێکی سپی بژی.

*          *          *



تۆ گەر نەتوانی دەست بێنی بە پرچی خۆرێکداو
لەگەڵ شەماڵدا سەما بکەیت و
بولبولەکان لەناو قەفەسدا ئازاد بکەیت
ئیدی کاری تۆ چییە لەسەر زەوی
ئەی ڕۆحی ماندوو؟!

*          *          *

گەر ئەتەوێ بەختەوەر بیت
تکایە باش گوێ ڕادێرە لێم:
تۆ لێرە سروشتی خۆت لە دەستداوەو
بزەکانت تاڵ و کاڵن
تکایە هەرچی زووترە بگەڕێوە بەرەو ئاسمان.



## کاروان جەلال

ساڵی 1978 لە شاری سلێمانی لە دایکبووە.

لە ساڵی 2000 ەوە لە رۆژنامەو گۆڤارەکاندا بەرهەمی شیعرو لێکۆڵینەوە بڵاودەکاتەوە.

نزیکەی بیست شیعری کراوە بە گۆرانی.